# سەردەمی حەلەف و سەرەتای بەجیهانیبوونی کولتوورەکان

**جووتیار ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

**«پشتگوێخراوترین لایەنی مێژوویی پێویستە بخرێتەوە بەرباس و ناوێکی لێ بنرێت، دەشێ باشترین وەسف بۆ ئەمە سەرەتای سەردەمی بەجیهانیبوونی گوند بێت».**

**دەیڤید وینگرۆ**

بۆ تێگەیشتن لە بەجیهانیبوونی کولتوورەکان و سەرەتای دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە، پێویستە بۆ پێش مێژوو، یان کۆتایی چاخی بەردین "Neolithic"، بۆ زیاد لە حەوت هەزار ساڵ پێش ئێستا بگەڕێینەوە، هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لە بەجیهانیبوون نابێت تەنیا لەمێژووی نوێ، یان ڕۆشنگەری ئەوروپایی بڕوانین، یەکێک لەسەردەمە گرنگەکانی پێش مێژوو لە میسۆپۆتامیادا، کە مرۆڤ هەستی بەناسینی خۆی و دەوروبەری خۆی کرد، بیری لەوە کردەوە کە خەیاڵەکانی بۆ واقیع بگۆڕێت، سەردەمی حەلەفە، ئەم سەردەمە ڕووناکەی مرۆڤایەتی لە کرۆنۆلۆجی میسۆپۆتامیادا دەکەوێتە دوای کولتووری حەسونە لە ناوەڕاستی ئێراق و کولتووری سامەڕا لە باشووری ئێراق، بەڵام کولتووری حەلەف وەک دیاردەیەکی تاقانە و دەگمەن لەمێژوودا دەبینرێت، چونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی توانیویەتی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکانی کشتوکاڵ بگەیەنێتە ئاستێک کە کەموکورتییەکانی پێشتر نەهێڵێت کە لەبواری کشتوکاڵ و ژیانی ڕۆژانەدا هەبوو.

دیاردەی حەلەف لەکۆتاییەکانی چاخی بەردینی نوێدا دەردەکەوێت، واتە ٥٨٠٠-٥٢٠٠ پێش زاین، لەم سەردەمەدا مرۆڤ بەرەو بنیادنانی سیستمێکی نوێی ژیان هەنگاو دەنێت، کولتوور و ترادیسۆنێکی تایبەت و

گشتگیر دادەمەزرێنێت کە پێشتر لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناویندا نەبینراوە، هەموو کولتوورە لاوەکییەکان دەخاتە بۆتەی یەک کولتووری ستانداردەوە، هەر لەبەرئەوەشە وەک دیاردەیەکی دەگمەن دەبینرێت.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێت مێژووی سەردەمی حەلەف و ڕۆڵ و گرنگی لە بەجیهانیبوونی کولتوورە لۆکاڵییەکاندا، کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری کولتوورێکی گشتگیردا بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوون بکرێتەوە، لەهەمان کاتدا ڕەگی سەردەمی ناوبراو و مێژووی دەرکەوتنی دەناسێنین،بەهەمان شێوە جوگرافیا و چەقی ئەم کولتوورە ڕوون دەکرێتەوە، واتە سەرەتا لەکوێ دەرکەوتووە و قورسایی دابەشبوونی جوگرافی دەکەوێتە چ ناوچەیەکەوە.

## دیاردەی کولتووری حەلەف

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١١ دا لەلایەن ماکس ئۆپنهایمەوە کە شوێنەوارناسێکی ئەڵمانی بوو، پارچە گڵێنەی سەردەمی حەلەف لە گردی حەلەف لە باکووری سوریا دۆزرایەوە، هەر لەبەرئەوەش ئەم سەردەمە و کولتوورەکەی بە حەلەف ناسێنراوە،ئەمە وەک پارچە گڵێنە، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٣٣ لەلایەن سێر ماکس مالوانەوە کە شوێنەوارناسێکی بەریتانی بوو، کولتووری ناوبراو لە گردی ئەرپاچیە لە نزیک مووسڵ کنە و پشکنینی تێداکرا و شوێنەوار و مێژووەکەی وەک سەردەم و کولتوورێکی تایبەت دەرکەوت(١).

ئەم دیاردەیە زیاتر بە ستایلی گڵێنەسازییەکەی دەناسرێتەوە، کە زۆرترین ڕووبەری لە خۆرهەڵاتی ناویندا داگیرکردووە، لەم سەردەمەدا گڵێنەسازی وەک گرنگترین تەکنۆلۆجی و پێشکەوتووترین داهێنراوی کەلوپەلی بەکارهێنراوی ژیانی ڕۆژانە بەشێوەیەکی نوێ دەردەکەوێت، هەم لەلایەنی نەخشونیگار، هەم لەلایەنی قوڕ و شێوازی دروستکردنەوە هەنگاوێکی گرنگی جیاواز لەپێش خۆی دەنێت(٢). لە کۆتایی چاخی بەردینی نوێدا ئاووهەوا بەشێوەیەک دەگۆڕێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی گونجاو و سازگار، بەو هۆیەوە مرۆڤ تەواوی ئەو ئاژەڵ و ڕووەکانەی مەبەستێتی بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی بەشێوەیەکی تەکنیکی ماڵییان دەکات، پێشکەوتن لەبواری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵدا دەبێتە لایەنێکی تری پێشکەوتووی سەردەمی حەلەف،لەئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەدا ڕێژەی دانیشتوان ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لەم چەرخە تازەیەدا بەشوێن خاکی تازەدا بۆ نیشتەجێبوون و پێوەندی نوێ بگەڕێن، هەربۆیە لەو سەردەمەدا لەچاو سەردەمەکانی پێش خۆی گرد و ناوچەی شوێنەواری زیاد دەکات، بەشێوەکی سەرەکیش کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونەکەیان لەسەر زەوی ساغ "Virgin soil" دامەزراندووە، هەر لەم سەردەمەدا ژن و ژنخوازی لەدەرەوەی یەک بنەماڵە و یەک کۆمەڵگەی نیشتەجێبووندا دروست بووە کە ئەمەش بووەتە هۆی گوێزانەوەی زانیاری و دروستبوونی پێوەندی کولتووری، هەموو ئەمانە پێدەچێت بەهۆی ئەو ژینگە لەبارەیەوە بووبێت کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو کات تاڕادەیەک کێشەیان کەمتر بووبێت، ئەمەش بووە هۆی بیرکردنەوە لە سیستمێکی نوێی ژیان(٣).

ئەم دیاردەیە سەرکەوتووترین سەردەمی لە مێژوودا تۆمارکرد، هەموو ترادیسیۆنەکانی تری کە لە باوانەوە جێ مابوون، کۆی کردنەوەو بەشێوەیەکی نوێتر بەرهەمی هێنانەوە،ئەم داهێنانە بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی ژیان و نوێکردنەوەیان دەبێتە هۆی ئەوەی دیاردەی حەلەف بۆ ماوەی زیاد لە پێنج سەد ساڵ بەردەوام بێت(٤).

بەهۆی بیرکردنەوە و شوێنکەوتنی ئەوەی کە خەیاڵەکانی بکاتە ڕاستی، مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەوەی ڕەدکردەوە کە تەنیا لە شوێنێک و لە شێوەیەکدا بمێنێتەوە، بەڵکو بەپێی کات و شوێن، زیاتر پەلی بۆ شوێنی تر هاویشتووە و ترادیسیۆن و کولتوورێکی نوێ بێنێتە کایەوە، واتە کولتوورێکی چەقبەستوو نەبوو، بەڵکو بەردەوام لەگەشەسەندندا بووە، هەر بۆیە دەبینین لەهەرسێ سەردەمەکەی حەلەفدا واتە: حەلەفی سەرەتا، حەلەفی ناوەند و حەلەفی کۆتایی، لە ئەنجامی کنە و پشکنیندا دەرکەوتووە کە حەلەفی ناوەند جوگرافیایەکی فراوانتری لە حەلەفی سەرەتا گرتووەتەوە، حەلەفی کۆتاییش بەهەمان شێوە ڕووبەرەکەی فراوانتر لە حەلەفی ناوەند، واتە بەپێی تێپەڕبوونی کات، حەلەف کولتوورە لۆکاڵییەکانی ناوچەکانی تری خستووەتە ژێر کاریگەری کولتووری ستانداردی خۆیەوە، هەموو جیاوازییەکانی

کـۆکـردووەتەوە تا لەژێر یەک کـولتـووری سـتـاندارددا بەردەوام بن(٥)، واتە دەکرێت حەلەف وەک کولتووری یەکگرتنی کـولتـووره بچـووکـەکـان سـەیربکرێت، یان کۆکردنەوەی کولتووره جیاوازەکان، کە ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی سیستمێکی پێوەندی بەهێز، کە گەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەشوێن خۆیدا هێنا(٦).

ئەم دیاردەیە لەسەر سیستمی ئەو جۆرە کشتوکاڵە دامـــەزراوە کـــە پشت بە ئاوی باران و و کـــانـی و ڕووبارەکـان دەبەستێت، واتە لەسەر زەوی کشتوکاڵی بەراو، نەک زەوی دێم بەردەوام لەنزیک کـانـیـــاو و ڕووبارەکـان و گـوندەکـانی خـۆیان دامـەزراندووە. لەو سـەردەمـەدا بۆ بەرێوەبردنی ژیان پشت بە کـشـتـوکـاڵ و ڕاوکردن بەستـراوە، ئەمـەش پێـویستی بە دامـەزراندنی گرووپی ڕێکخراوبووە، هەربۆیە پێدەچێت ئەم سەردەمە سەرەتای دەرکەوتنی چیفدۆم بووبێت chiefdom، واتە کەسێک وەک سەرۆکی ئەو گرووپە کاری کردووە، چونکە لە هەندێ شـوێندا گـۆڕ دۆزراوەتەوە کـە لەگـەڵ لاشـەی کەسـەکەدا کـەلوپەلی بەنرخیش شاردراوەتەوە، بەهەمان شـێـوەش هۆیەکـە بۆ دەرکـەوتنی چینە جـیـاوازەکـانی کۆمەڵگە و سەرەتای دەرکەوتنی مۆر کە بۆ خاوەندارێتی کەلوپەل ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە(٧).

درێژی مـاوەی بەردەوامـبوونی ئەم کـولتـووره بووە هۆی ئەوەی کـــە زیاتر هەژمـــوونی خـــۆی بســـەپێنێت و کـۆمـەنوکـەیشن لەنێـوان وردەکـولتـوورەکـان زیاتر تۆخ بێتەوە، بۆ بالادەستبوونی کولتووری ستاندارد، ئەگەر لەشـێـواز و چۆنێـتی دروسـتکردنی گـڵـێنەی حـەلەف وردبینەوە، لەهەموو ناوچەکاندا یەک جۆر نییـە، بەڵکو هەر ناوچەیە و شێوازی نەخشونیگار و جۆری قوڕەکەی جیـاوازە، بەڵام بەهەمـان تایبـەتمەندی سـتـایلی حـەلەف دروست کراوە، واتە کولتووری لۆکاڵی لەژێر کاریگەری کولتووری ستانداردی حەلەفدا، بۆنموونە گڵێنەی ناوچەی حەمرین و ناوچە شاخاوییەکانی سلێمانی کە بە حەلەفی ناوچە شـاخـاوییـەکـان ناسـراوە، زیاتر لەو شـێـوازی گڵێنەیەوە نزیکە کە بە زاگرۆس و ئێرانی ناسراوە، بەڵام بەهێزیی کـولتـووری حـەلەف وای کـردووە بیـخـاتە ژێر کاریگەریی ترادیسیۆنی گڵێنەسازی خۆیەوە، کولتووری ناوچەکانی زاگرۆس و ئێران کاڵ بکاتەوە(٨).

دەرکەوتە مادديیەکانی ئەم سەردەمە، بەڕادەیەکی زۆر لە کولتوورەکانی پێش خۆی جیاوازە، گڵێنەی دانسقە و ڕەنگین کـە لە قـوڕێکی ئێـجگار پاک دروست کـراوە، نەخشونیگاری جوان و سەرسوڕهێنەری، بەهەمان شێوە بیناسازییـەکەشی جیـاوازە و شێـوازێکی نوێیە کـە جێ هێـشـتنی یەکـجارەکی کـولتـوورەکـانی پێش خۆیەتی، شێوازی بازنەیی و لاکێشەییەو لەهەمان کاتدا بەهۆی زۆری دانیـــشـــتـــوانەوە گـــوند و کـــۆمـــەڵگەی نیشتەجێبوونەکانی ئەم سەردەمە گەورەتربووە(٩).

**لەلایەنی جیۆگرافییەوە**

ئەم دیاردەیە فراوانترین ڕووبەر دەگرێتە خۆی تەنیا لە میسۆپۆتامیا و لیڤانتا نامێنێتەوە، بەڵکو بۆ زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بازدەدات، بەڵام چەقی ئەم دیاردەیە، واتە چڕێتی ناوچە شـوێنەوارییـەکـانی ئەم ســەردەمـــە لە سنووری باکـــووری ئێـــراق، باکـــووری خۆرهەڵاتی سوریا، باشووری خۆرهەڵات لە تورکیـادا خەست دەبێتەوە(١٠).

لەسەردەمی "Pleistocene"دا کشتوکاڵکردن زەحمەت بوو، بەڵام لەسـەردەمی "Holocene"دا بەهۆی گـۆڕانی ئاووهەواوە لە ناوچەکـەدا دەبێـتـە هۆی ئەوەی کـە کشتوکاڵکردن تاڕادەیەک ئاسان بێت و مرۆڤ دەست بە پرۆسەی ماڵیکردنی ڕووەک و ئاژەڵ بکات، دامەزراندنی سیستمی کشتوکاڵکردن، لەژینگەیەکی گونجاودا کە ئەو کات هاوینێکی گەرم و زستانێکی سارد بووە(١١).

هەربۆیە لەکـۆتایی چاخی بەردینی ئاووهەوا و ژینگە تەواو لەگەڵ حەز و ویستی کۆمەڵگەی مرڤایەتی سازگار دەبێت، لە کـۆتاییـدا لەگـەڵ دەرکـەوتنی ئاووهەوایەکی جیـاواز لەپێشـوتر، چالاکـیـەکـانی مـرۆڤیش بەپێی ژینگەی نوێ گۆڕاوەو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و بووە هۆی دەرکـەوتنی کـولتـوورێکی نوێ، کـولتـووری نوێ و دەست پێکردنی دۆزینەوە و داهێنانەکـــانی مـــرۆڤ کۆمەڵگەیەکی نوێ و پێشکەوتوو، بەتایبەتی لە باکووری مسۆپۆتامیا زیاتر دەرکەوت وەک لە باشوور، لەبەرئەوەی زەوی باکووری مسـیۆپۆتامیـا بۆ کشتـوکاڵ بەپیـتـتر و گـونجـاوتربوو، زۆرباش لەگـەڵ ژینگەی نوێدا دەگـونجـا، ئەمـــەش تاڕادەیەک بەهۆی ئەوەوەبوو کـــە ناوچەکـــەی شێداربوو. سەرووی میسۆپۆتامیا، بنارەکانی تۆرۆس و زاگرۆز، بەهۆی بەرزاییانەوە بارانیان زیاتربوو، ئەمەش بۆ

سیستمی کشتوکاڵی زەوی بەراو و کۆبوونەوەی مرۆڤ لەو ناوچانەدا هاوکاربووە(١٢).

## ڕەگ و دەرکەوتەی کولتووری حەلەف

وەک لەسەرەوە باسمان کرد، سەرەتای ئەم کولتوورە لە گردی حەلەف لە سوریا دۆزرایەوە، بەڵام بەبێ هیچ لایەنێکی بیناسازی و ستراتیگرافی، تەنیا پارچە گڵێنەیان دۆزیبووەوە، پاشان لە ئێراق لەگردی ئەرپاچیە ئەم کولتوورە بە تەواوەتی لەلایەنی بیناسازی و ستراتیگرافی دۆزرایەوە، واتە وەک شوێنەواری مێژوویی سەردەمێکی تەواو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەکان هەر کەموکورتی هەبوو، چونکە ڕەگی ئەم کولتوورە نە دۆزرابووەوە، واتە ئەوەی کە لە چ کولتوورێکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم کەموکورتییە تا ساڵی ١٩٨٦ مایەوە تا ئەوەی ئەکرمانی هۆڵەندی لەو ساڵەدا لە سوریا لەگردی سابی ئەبیەد ڕەگی کولتووری حەلەفی دۆزییەوە، چونکە لەو شوێنەوارەدا تەواوی چینە شوێنەوارییەکانی پێش حەلەف هەبوو،بەبێ دابڕان ئەویش چینەکانی کولتووری سامەڕایە(١٣)، واتە تەنیا لە شوێنەواری سابی ئەبیەددا ڕەگی حەلەف هەیە وەک لەلایەنی بەردەوامی چینی شوێنەواری، بەڵام سەبارەت بە سەرەتا ئەو خەڵکەی کە ئەو کولتوورەیان دامەزراندووە، لەکوێوە هاتوون؟ ئەمەیان باسێکی ترە کە چەندان ڕای جیاوازی لەسەرە، هەریەکە لەو شوێنەوارناس و لێکۆڵەرەوانەی کە کاریان لەم سەردەمەدا کردووە، بەپێی شوێنی کنە و پشکنینەکەی خۆیان سەرەتای دەرکەوتنی ئەو کولتوورەیان بۆ هەمان شوێن گەڕاندووەتەوە، بۆ نموونە ئیسماعیل حیجارەی شوێنەوارناسی ئێراق پێیوایە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم کولتوورە لە دۆڵی جەغجەغ لە سەرووی دیجلە، پاشان گەشەی کردووە بۆ خۆرهەڵاتی مووسڵ و باشووری شەنگال، سەرووی دۆڵی خاپوور، لەوێشەوە بۆ خۆرهەڵاتی حەمرین، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە شوێنەوار و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی سەردەمی حەلەف لە باکووری ئێراق زیاترە لە سوریا(١٤).

بە بۆچوونی سێرماکس مالوان ئەو خەڵکەی ئەم کولتوورەیان دامەزراندووە، سەرەتا لە ناوچە شاخاوییەکانی ئاسیای نزیکەوە هاتوون، واتە لە زاگرۆس، تۆرۆسەوە دابەزیون و بۆ ناوچەی خاپوور(١٥).

پاشان جەمیس مالێرت هەمان بۆچوونی مالوانی دووپات کردەوە، کە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە بۆ ناوچەی خاپوور دەگەڕێتەوە(١٦).

دیانا کرک بیرد کە لە گردی ئوم دەباغییە کنە و پشکنینی کردووە، سەرەتای ئەم کولتوورە دەباتەوە سەر شوێنەواری ئوم دەباغییە و ئەم بیرۆکەیە بەپێی ئەو هۆیەوە دادەڕێژێت کە لە کۆتایی سەردەمی بەردیندا ٦٠٠٠ پێش زاین، سەرەتای شەپۆلی کۆچ دەست پێدەکات، بەو هۆیەوە خەڵکانی کولتووری حەلەف دێنە ناوەوە بۆ ئەوەی گوندی نوێ دامەزرێنن، بەقسەی کرک بیرد ئەو خەڵکە سەرەتا لە ئەناتولیا و تۆرۆسەوە هاتوونەتە ئەو ناوچانە و کولتووری خەڵکی ئەو ناچانەیان سڕیوەتەوە و کولتووری نوێی خۆیان جێگیرکردووە. لە ئوم دەباغییەدا کولتووری حەلەف بەدوای کولتووری حەسونەدا دێت.

ئەکرمان کە لە سوریا لەگردی سابی ئەبیەد کاری کردووە، سەرەتای ئەم کولتوورە دەباتەوە بۆ سوریا، تورکەکانیش بەدڵنیاییەوە سەرەتای ئەم کولتوورە بۆ تورکیا دەبەنەوە. لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەدا کە لە ئەنجامی کنە و پشکنیندا دەرکەوتووە، چەق، یان کرۆکی شارستانییەتی حەلەف دەکەوێتە هەرسێ بەشی، کوردستانی ئێراق، سوریا و تورکیاوە.

داهێنانی تەکنۆلۆجی و گواستنەوەی زانیاری بەهۆی تۆڕێکی یەکگرتووی گۆڕینەوەی کەلوپەل وەک لەسەرەوە باسمان کرد، گۆڕانی ئاووهەوا لە کۆتایی سەردەمی بەردیندا بووە هۆی ئەوەی یارمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بدات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە سیستمێکی نوێی ژیان دابمەزرێنن، ئەمەش بووە هۆی جێگیربوونی ژیان و زۆربوونی دانیشتوان، نیشتەجێبوونی بەردەوام لەشوێنێکدا و دامەزراندنی سیستمی کشتوکاڵ، لەمەشەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی. هەر لەو سەردەمەدا چەرخەی دروستکردنی گڵێنەسازی دروست بوو "Tournette, a slowly rotating wheel" ئەم ئامێرە بووە هۆی ئەوەی کە گۆزەگەر بەشێوەیەکی باشتر و جوانتر گڵێنە بەرهەم بهێنێت، لەڕووی چەندێتیشەوە بەرهەمی زیاتری هەبێت و ستانداردکردنی

بەرهەمهاتووەکان بێتەکایەوە لە هەموو کولتوورە لاوەکییەکانی تردا، لێرەوە تایبەتمەندی لەکاردا و کاردابەشکردن هاتە کایەوە(١٧).

ئاشکرایە ئەم کولتوورە بۆ هۆی هێزی زۆرداریییەوە پەرەی نەسەندووە تا ئەو ڕووبەرە فراوانە بگرێتە خۆی، بەڵکو بەهۆی هێزێکی سەنتەرییەوە کە بەپێی ئازادی ئەو ناوچانەی دەکەوتە ناو سنوورەکەیەوە و پێوەندی پێوەکردنیان بەشێوەی تۆڕێکی ئاسۆییەوە تا کولتوور و ترادیسیۆنی بەهێز و گونجاوی خۆی بۆ ئەو سەردەمە پەخش بکات، واتە هەموو کولتوورە لۆکاڵییەکانی ناوچەکانی تر سەرچاوەیان لە یەک سەنتەرەوە وەرگرتووە بۆ یەک شێوازی ترادیسیۆنی ژیانی ڕۆژانە،گڵێنەسازی، بیناسازی،شوێنی نیشتەجێبوون، ئەویش کولتووری حەلەف بوو، واتە هەموو کولتوورە لۆکاڵییەکان کولتوورێکی ستانداردیان هەڵبژاردووە، چونکە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریان گونجاوبووە. ئەم سیستمی تۆڕی گۆڕینەوەی زانیاری و شتومەکە بەوە دەسەلمێنرێت کە لە هەموو ناوچەکانی کولتووری حەلەفدا یەک شێوازی گڵێنەسازی و بیناسازی، بووکەڵەی قوڕین و مۆر، ئامادەییان هەیە(١٨).

لەبەر ئەوەی قوڕ بۆ بەدەستهێنان ئاسان بووە، هەر ناوچەیە و گڵێنەی خۆی بەرهەم هێناوە، بەڵام لەژێر کاریگەری یەک شێوازی ستانداردا، ئەمەش بەهۆی کەسانی شارەزای بواری گڵێنەسازی کە بەهۆی دەرکەوتنی گەیاندن و گۆڕینەوەوە بەردەست خراوە(١٩).

بەڵام کەلوپەلی وەک بەردی ئۆبزیدی کە وەک چەقۆ بەکارهاتووە، قیڕ کە بۆ بەربەستی وەک دژە ئاو بەکاریان هێناوە، ئەمە پێویستی بە بازرگانی و گۆڕینەوە بووە، کە ڕێگەی دەست خستنی و ڕێگەی هاتوچۆکەی بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت، جۆری یەکەم دووری ماوە کورت ٥٠ کم و جۆری دووەم ماوە درێژ ٣٠٠کم بووە، هەندێ بابەت دەکرێت لە ناو گرووپەکاندا لە ڕێگەی پێوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان گرووپەکانەوە دەست کەوتبێت، واتە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ماوە کورت دەکرێت گڵێنە بخرێتە ناو ئەم پۆلێنەوە، بەڵام هەندێ بابەتی تری وەک بەردی ئۆبزیدی و قیڕ سەرچاوەکەیان لەشوێنی تایبەت و دوورە دەست کەوتووە، واتە پۆلێنی جۆری دووەم ٣٠٠کم بۆ نموونە سەرچاوەی بەردی ئۆبزیدی لە دەریاچەی وان و ئازەربایجان بووە. قیڕیش کە لە ناوچە نەوتییەکانی باکووری ئێراقدا هەبووە، زۆربەی ناوچەکانی تر پێویست بووە زۆرجار ڕێگەیەکی دوور ببڕن بۆ دەستخستنی(٢٠).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کولتووری حەلەف بەهۆی مرۆڤی بیرکەرەوە دروست بووە کە خەونی بۆ ئایندە هەبووە، بەشوێن زەوی و دنیای نوێدا گەڕاوە،لەهەمان کاتدا توانی لە ناوچە شاخاوییەکان دابەزێ و کولتووری شارستانی دابمەزرێنێت کە تائێستاشی لەگەڵدابێت، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر ئەو کولتوورە دەژی و قەرزارێتی. مرۆڤی ئەو کات دەستی لە کۆکردنەوەی ڕووەک هەڵگرت و خۆی بووە بەرهەمهێنەری بەروبوومە ڕووەکییەکان، لەجیاتی ڕاوکردنی ئاژەڵەکان، توانیتی ژمارەیەک لەو ئاژەڵانە ماڵی بکات کە پێداویستی سەرەکی بوون، واتە ببێتە خاوەن کولتووری شارستانی کە ئەویش کشتوکاڵ بوو، بەدوای ئەویشدا، چۆنێتی ئامادەکردنی خواردن پێشکەوتنی بەسەردا هات، لەمەوە دەردەکەوێت کە مرۆڤی ئەوکات توانیتی ژیانی ئاژەڵ و ڕووەک دەستەمۆ بکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەمەش بەهۆی جۆری دروستکردنی گڵێنەکاندا دەردەکەوێت، جۆری ئەو قوڕەی کە بۆ گڵێنەی قەبارە گەورە بەکاریان هێناوە، واتە بۆ دروستکردنی خواردن، بەردی هاڕاو، یان لمی وردی تێکەڵاو تا لەسەر ئاگر باشتر گەرمی وەرگرێت، جگە لە نەخشونیگاری ئەندازەیی هی مرۆڤ، ڕووەک، باڵندە و ئاژەڵ لەسەر گڵێنەکان دروست کرا، ئەمانەش بەڵگەیەکن بۆ زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر دەوروبەرەکەیدا، وەک لە دیزاینێکی سەر گڵێنەکاندا دەردەکەوێت کە دیمەنی دستگرتنی مرۆڤەکانە بەشێوەی سەما، دەشێ ئەمە وەک لێک نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لێک بدرێتەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو لەڕووی کولتوور و ترادیسیۆنەوە. حەلەف شۆڕشێکی کولتووری بوو کە ئەو گەشەکردنەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە چەرخی بەردینەوە دەستی پێکردبوو، خەڵکانی حەلەفی بە سوود وەرگرتن لە هەردوو کولتووری حەسونە و سامەڕایی پێش خۆیان، توانیان بەشێوەیەکی نوێتر کولتووری خۆیان بگەیەننە لووتکە، واتە حەلەف "Evolution" گەشەسەندنێکە لەبیر و کار و کردەوەی مرۆڤایەتیدا.

1-Ismael Hijarah, The Halaf Period In Northern Mesopotamia 1997, page
2-Roger Matthews, The Archaeology of Mesopotamia The Theories And Approaches, 2002, page 20-21
3-Olivier Nieuwenhuyse, Plain And Painted Pottery The Rise of Neolithic Ceramic Styles On The Syrian And Northern Mesopotamian Palins, 2007, page 26.

4-Olivier Nieuwenhuyse, Plain And Painted Pottery The Rise of Neolithic Ceramic Styles On The Syrian And Northern Mesopotamian Palins, 2007, page 9
5-Roger Matthews, The Archaeology of Mesopotamia The Theories and Approaches, 2002, page 20-21
6-Pavel Dolukhanov, Environment And Ethnicity In The Ancient Middle East, 1994, page 222
7- Olivier Nieuwenhuyse, Globalizing the Halaf, page 5, Tamar Hodos, Globalization and archaeology.
8-Lamberg-Karlovsky and Sabloff, Ancient Civilizations The Near East And Mesopotamia, 1979, Page 101
9- Roger Matthews, The Archaeology of Mesopotamia The Theories And Approaches, 2002, page 20-21
10-Lamberg-Karlovsky and Sabloff, Ancient Civilizations The Near East And Mesopotamia, 1979, Page 101
11-Roger Matthews, The Archaeology of Mesopotamia Theory and Approach, 2003 page 70-72
12-Staurt Campbell. Culture, archaeology and change un the Late Neolithic of North Mesopotamia. 1992. page 98.
13-Akkermans and verhoeven. 1995: page7,20; Akkermans and Le Miere
14-Ismael Hijarah. The Halaf Period In Northern Mesopotamia. 1997, page 111
15- M. E. L. Mallowan. The excavation at Tell Shagar Bazar and an Archaeology survey of the Habur Regian 1934. Iraq Journal 3, 1936 page 3-11
16- James Mellaart. The Neolithic of the Near East, 1975, page 156.
17-Karin Rhea Nemet-Nejat, Daily Life in Ancient Mesopotamia, 2002, page 18.
18-Arie S. Issar and Mattanyah, Climate Change Environment and History of the Near East, Springer-Verlage Berlin Heidelberg 2007 second edition, page 77-78
19- Stuart Campbell, Culture Chronology and Change in the Late Neolithic of North Mesopotamia, 1992, page 137
20- Stuart Campbell, Culture Chronology and Change in the Late Neolithic of North Mesopotamia, 1992, page 137-140